

## ئەنگوستیلە جوانەکان بەن

**ئێکسسواراتی جوجو - هەولێر**

ئێکسسوارەکان مایەی جوانی و ڕازاوەیی دەبەخشن، بە تایبەت کاتێك دیمەنێکی ناسك لەخۆ دەگرن، یان ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرێ پڕ بەجوانی و قەشەنگی پەنجەکانیەتی، چونکە هەندێك جار، هۆکاری سادە هەن وادەکەن کە جوانی ئێکسسوارەکان وەك خۆیان نەبن و شێوەیەکی دیکە بنوێنن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ئێکسسوارەی کە بۆ ئەو جێگەیە دەپۆشرێ، کە پێویستی بەو ئێکسسوارە هەیە، ئەنگوستیلەکانیش یەکێك دەبن لەو ئێکسسوارە جوانانە کاتێك لە پەنجەی خانمان دەبینرێ و جوانی بەدەست و پەنجەکانیەوە دەبەخشێ و لەنزیکترین خاڵی هاوبەشی جوانیدا لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگ و مۆدەکانی دیکەدا خۆی دەردەخات، ئەنگوستیلە بەچەندین مۆدە و شێوازەوە هەن، یان ستایلی وا هەیە کە جێگەی جوانی خۆی دەبەخشێ لەو کاتەی ئەگەر بە تەنیاش بپۆشرێ، جوانی

## چاکێتەکان مۆدەیەکی پایەبەرز و گرانبەهان



جلوبەرگ هەرچەند جێگەی گرنگی بێ، ئەوەندەی تایبەتمەندی لەجوانی و ڕازاوەیی خۆی دەبینێتەوە، لەکاتێکدا جلوبەرگەکان بۆ خۆپاراستن بەکاردەهێنرێ، کەچی ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینێ لە فاکتەرەکانی جوانی، بەتایبەت بۆ خانمان کە زیاتر خولیای جلوبەرگ و کەرەستەکانی جوانکارین، وەرزی زستانی ئەوساڵ، بە وەرزێکی سەخت و سارد دادەنرێ، بۆیە دەبێ لەگەڵ جلوبەرگەکانی ئەمساڵ، کارەکان بەجوانی و هەڵبژاردنێکی تایبەتەوە بێ و جلەکانیش لەم وەرزە جێگەی بایەخ و جوانی خۆیان دەدەن، یەکێك لەو جلوبەرگانەی کە هەمیشە و ساڵانە مۆدەی خۆی نوێ دەکاتەوە و بەجەستەی گشت خانمێکی جوانەوە دەبینرێ، ئەویش (جاکێت)ە، ئەو جلە شێوازێکی هێمن لەجوانی دەبەخشێ، دیمەنێکی ڕازاوە و کراوەی هەیە، لەڕێگەی ئەو جلەوە چەندین مۆدەی جۆراجۆری لێوە بەدی دەکرێ، چونکە لەگەڵ چەندین جلی دیکە دەپۆشرێن، بۆ ئەو وەزری سەرمایە، جاکێتی درێژی تاسەر ئەژنۆ یان سەر ڕان مۆدەیەکی گرنگ و ستایلێکی گرانبەهایە.

## پێخەفە خنجیلانەکان ب

هەنگاوەکانی گرنگیدان بەماڵ و ئاگاداربوون لەکەلوپەل و کەرەستەکان، ئەرکێکی گەورەی خانمانە، بە تایبەت کاتێك خانمان مەبەستیان بێت ماڵێکی جوان و ڕازاوە دابنێن، لێرەدا شێوازەکانی جوانی دیکۆر و کەرەستەکان ڕۆڵیان دەبێ لەجوانی ماڵەکەتدا، بۆیە هەر خانمێك دەبێ لەلای خۆیەوە بیرۆکەی تایبەتی هەبێ لەدانانی کەرەستە بۆ ماڵەکەی، بگرە لەشتە گەورەکانەوە تاوەکو بچووکەکان، یەکێك لەگرنگترین کەرەستەکان، کە دوو سوودی گەورە دەبینێ لە ماڵەکەتدا، ئەویش (پێخەفی





## ـــــرخ و ناسکن

ئەنگوستیلە لە شێوازەکەیەتی، دواتر دەکەوێتە سەر گرنگی ڕەنگ و تەنانەت گرنگی دان بەو جۆرە شێوەی ئەنگوستیلەیە، ئەوەش یەکێکە لە هەنگاوە تایبەتەکان بۆ دەستنیشان کردنی جوانترین مۆدەکانی ئەنگوستیلە.

## ـــۆ منداڵەکەت هەڵبژێرە

منداڵـە)، یەکێك لەسوودە گرنگەکانی ئەو پێخەفە، بۆ حەسانەوەی منداڵەکەیە، کە شوێنێکی واخۆش و نەرمی هەبێ، بۆ ئەوەی بخەوێ یان لێوەی بحەسێتەوە، سوودی دووەمی پێخەفی منداڵ، بەخشینی دیمەنێکی جوان و ڕازاوەیە بە مۆدە و جوانی ماڵەکەت، کە لەهەر شوێنێك دابنرێ، جێگەی بەرچاو بوون و کاریگەری خۆی دەبێ، بە تایبەت ئەگەر پێخەفەکە شێوەیەکی جوان و خنجیلانەی هەبێ، کە زیاتریش جوانی بەدیمەنی شوێنی دانانی منداڵەکەشتەوە دەبەخشێ.



# ئێکسسوارەکانی قژ لەشێوەی گوڵ و پەپوولەدا

تا چەند گرنگی بەجوانی قژ بدەی، زیاتر لە ڕاددەی جوانی و مۆدەی ڕووخسارەوە زیاتر دەبێ، چونکە جوانی ڕووخسار پابەندە بەجوانی قژ و ماکیاژ، لێرەدا دوو هۆکاری پێویست هەن بەماکیاژ و قژ، سەبارەت بە ماکیاژ بریتییە لەڕەنگەکان و شێوازی ئەو ماکیاژەی بەکاریدەهێنی، هەروەها بۆ قژیش جۆری ئەو ستایلە لە تەسریحە، یان ئەو ئێکسسوارانەی بەکاردەهێنرێ بۆ بەستاندنی قژ، کە ئەویش دیمەنێکی گرنگ و ڕازاوەی هەیە لەجوانی تەسریحەکانی قژ، ئێکسسواری تۆقە و بەستەبەری قژ، دیمەنێکی بەرچاو و بەرزی هەیە، چونکە لەسەر قژ دەخسترێ و زیاتر دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات جێگەی سەرنج و تیڕوانین بێ، بۆیە شێوازی ئەو ئێکسسوارانە تاچەند ڕازاوە و جوان بێ، لە مۆدە و تازەگەرییەکانی ئێکسسوارەکانی قژنزیکتر دەبێتەوە، یەکێك لە شایستەترین ئێکسسوارەکان بۆ قژ، بریتییە لە ئێکسسواری شێوەی گوڵ و پەپوولە و یان شێوەیەکی سادە کە بەشێکی زۆر لەقژ داپۆشێ.





## ئێکسسواری زیو



ئێکسسوارەکان بەگشتی دیمەنێکی ڕازاوەبەخشن، بەتایبەت ئەوانەی لەلای کچانی کورد بەڕێژەیەکی زۆر دەپۆشرێن، ئەمەش وادەکات کە هەریەکە خاوەن ئەو ئێکسسوارانە بێ و یەکێك لەو کەرەستانەی کە لە پێشووتردا جێگەی سوود بەخش بووە بۆ خانمانی کورد، ئەویش کانزای (زیوو)ە، کە کانزایەکی بەنرخ و جوانییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە، تەنانەت لەگەڵ ڕەنگی پێیستی مرۆڤ خۆی دەنوێنێ و دیمەنێکی جوانیش دەبەخشێت، بۆیە دەکرێ لەڕێگەی ئەو ئێکسسوارانەی کە لەزیوو ئامادە و دروست کراون، لە مل دەست پەنجەی خانمانی کورددا بیبینین، چونکە هۆکارێکە بۆ جوانییەکی ڕەها کە شایستەی جوانی خانمانەی کوردانەیە، لە بەرامبەر هەر یەك لەزێڕ و ئەڵماس و کانزاکانی دیکەدا، وەکو ئەو ئێکسسوارەی کە ملوانکەیەکی ڕازاوە و جوانە، لە زیوو دروستکراوە و ستایلێکی ناسك و سادەی بۆ بەکارهێنراوە، کە وادەکات ببێتە یەکێك لەگرنگترین و شایستەترین ئێکسسوارەکان لە زیوو.

# تورشیات لەلای هەمووان سەنگ وچێژی خۆی هەیە..





كاتێك دەخرێتە سەر سفرەكانی نان خواردن، بەر لەوەی تامێكی بكەی، هەر بە سەیركردنی دەمت پڕ ئاو دەبێ و دڵت بۆی دەچێ، ئەوەی باسی دەكەین بریتییە لە (تورشی)، كە یەكێكە لەو خواردنە خۆشانەی خۆشەویستە لای گشت كەسێك و تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ناوی تورشییە، كەچی خواردنێكی خۆشەویست و شیرینە، لەلایەن وەستای كارگەی تورشی سیروان لەسەر تورشی ئەو چەند زانیارییەی پێبەخشیم: دوای ئەوەی كەرەستەكانی وەك سەوزە و میوە ئامادە دەكرێ و دواتر لەناو (خوێ) دادەنرێ، ئەمەش بۆ ماوەی نێوان ساڵێك تا دوو ساڵ، تاوەكو ئەو كاتەی ئامادە دەبێ و بۆن و تامەكەی ترش دەبێ، لە ساڵانی سی و چلەكاندا تورشی لە كوردستان و هەولێر هەبووە و چەندین كەسایەتی بەناوبانگ هەن كە كارگەی تورشیان داناوە، ئەو كەرەستانەی تورشی لێدروست دەكەن بریتین لە: خەیار، تەرۆزی، سێوی ژێر زەوی، كەلەرم و بیبەری شیرین و تیژ، پەتاتە، زەیتوون، كەرەوز و سلق، تورشی سێ جۆری سەرەكی هەیە ئەوانیش : تورشی (زەرد – سوور – مەحشی)، لە كۆتاییشدا ئاوی سیر و عەنبەی تێدەكرێ بۆ زیاتر بۆن خۆشكردنی، تورشی لە مانگی ڕەمەزانان بازاڕێكی باشی هەیە، وەكو وەستای تورشی گوتی: خەڵك بەڕۆژوو دەبێ و هەناوی دەسووتێ بۆ شتی ترش و شیرین و زیاتریش وتی لە

# لەیدی گاگا و جلە سەیرەكانی!



لەیدی گاگا ئەو خانمە هونەرمەندەی كە لەماوەیەكی زۆر نزیكدا توانی جەماوەرێكی گەورە بۆخۆی دروست بكات و تەنانەت لە سەرتاپای جیهان جەماوەری خۆی هەیە، یەكێك لە سیفەتە سەیرەكانی ئەو خانمە هونەرمەندە، پۆشینی ئەو جلوبەرگە سەیرانەیە كە لە شوێنە گشتییەكان و ئاهەنگە تایبەتەكان لەبەری دەكات، وەكو ئەو جلەی كە لە شێوەی كڵاو وایە، لەلایەك كورتە و لەلایەكی دیكەوە درێژە و كەسیش نازانێ مانای ئەو جلە چییە و بە چ مەبەستێك دروست كراوە.



# عەدنان و لینای ڕاستەقینە!



زۆربەمان كارتۆنی (عەدنان و لینا)مان بینیوە، كە زنجیرە كارتۆنێكی زانستییە و لەساڵانی هەشتاكاندا باسی لەوزەی خۆر و تێكچوونی زەوی و ئاوارەبوونی خەڵك دەكات، كە لەبەرهەمهێنانی وڵاتی ژاپۆن و بەهاوكاری پسپۆڕانی بواری فیلم سازی هۆلیوودە، ئەو زنجیرە كارتۆنییە دوو پاڵەوانی سەرەكی تێدابوو، ئەویش عەدنان و لینا بوو، وادیارە بەم دواییە عەدنان و لینای ڕاستەقینە دەركەوتوون و كە ئەوانیش كوڕ و كچێكن شێوەیان لە عەدنان و لینا دەچێ و خەڵكی وڵاتی مەغریبی عە ر ە بین و بۆیە هەمان ئەو جلانەیان پۆشیوە كە لە زنجیرە كارتۆنییەكەدا هەبووە.





هاوار، شام ١٩٣٢

## هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەنگی پێشمەرگە




# فەرش و مافووری کوردی بەهای خۆیان لەدەست نەداوە

کورد بە چەندین کاری دەستییەوە دەتوانن دەست ڕەنگینی خۆیان دەربخەن و تەنانەت لەسەروەختانی پێشـــوودا توانیویانە چەندین کەرەستەی سەیر و جوان دروســـت بکەن، کە بەبیرکردنەوە لێی دەبێتە جێگەی سەرنجڕاکێشـــان، خانمـــان و ئافرەتانی کورد، تەنانەت هەندێکیان خوێندەواریشیان نەبوو، بەڵام کاتێك لەسەر ئاسنێکی گەورە کە پێی دەگوترا (تەون) کاری ڕستنیان دەکرد، ئەویش بە بەســـتنی پارچە پەڕۆ و خووری، لە ئەنجامیشدا مافوور یان فەرشـــێکی جوانیان دروســـت دەکرد، کـــورد بە فـــەرش و مافـــوور و کارە جوانەکانی بەناوبانگـــە، تەنانەت ئێســـتاش لەلایەن ئافرەتە دەست ڕەنگینەکان چەندین کاری لەم جۆرە دروست دەکرێ و ئەگەر بێت و پاڵپشـــتی بکرێن، دەتوانن جوانترین فەرش و مافوور و ڕایەخمان بۆ دروست بکەن، زیاتر لە کوردستانی ئێران گرنگییەکی زۆر بە دروســـتکردنی مافـــوور و فەرش دەدرێ و بە نرخێکی زۆریش لەبازاڕەکانی جیهان دەفرۆشرێ، بۆیە کورد هەردەم لە گشت لایەنەکاندا دەست ڕەنگینـــی و کارامەیی خۆیان بەدەر خستووە.

# باڵەخانە سەراوژێرە سەیرەکان

باڵەخانە سەیرەکان، بە چەندین دیزاین و شێوەی تازەوە ئامادە دەکرێن، ئەمەش بە گوێرەی بیرۆکـەی ئەو ئەندازیارانەوە دەبێ کە نەخشـێك بۆ باڵەخانەیەك دادەنێـن، ئەمەش وادەکات کە کارێکی پێشـکەوتوو بێ یان سەیر و سـەمەرە، بەڵام ئەو باڵەخانەیە دەبێتە نموونەی یەکێك لە سەیرترین باڵەخانە شـێوە شـێواوەکان، سەرەڕای ئەوەی شـێوەیەکی سـەیر و پێچەوانەی هەیە، کەچی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە، کە لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکی دروستکراوە بەبڕی (١) ملیۆن دۆلار.







## یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند فارزیە، یەکێك لە فاریزەیە، پێچەوانەی ئەوانەی دیکەیە، بۆ ئاستی زیرەکیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چرکەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزیتەوە !**

..................................... .....................................
..................................... .....................................
..................................... .....................................

## یاری وێنە



**هەوڵبدە لەم وێنەیە ژمارەی سەرەکان بژمێری و بەبێ ئەوەی لێت تێکبچێ!**

## بۆ زاخــاوی مێشك

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (زەردەشت) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەوزەیەکە بۆنی بەهێز و ناخۆشە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارێکی کوردستانی تورکیایە بەم دواییە بوومەلەرزەی لێکەوتەوە)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (کۆی دوو (١٥)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (تۆ بە زمانی تورکی)

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هەموو توانای خۆت بەکاربێنە بۆ جێبەجێکردنی ئـەو کارەی ماوەیەکە بەنیازی ئەنجامی بدەیت و هێشتا دەستت پێ نەکردووە، ئەو کات کارەکە زۆر ئاسان دەبێت و توانای خۆت دەردەخەی بۆ ئەوانەی گومانیان لەتواناکانت هەیە

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




زۆر بە جوانی بیر لەم قۆناغەی ئێستای ژیانت بکەوە، بەڵێن بە کەسـێك مەدە کـە دڵنیا نیت لەئەنجامی پێوەندی نێوانتان، ئەم ماوەیە لەهەموو کاتێك گرنگترە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەك خۆت ئامـادە بکەی کە سـەرکەوتنت مسـۆگەر بکات.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لەهەندێ بڕیار پەشـیمان دەبیتەوە و هەسـت دەکـەی کە پەلەت کردووە، ئـەم هەفتەیە لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانکاری پۆزەتیڤ ڕوو دەدەن. کەسێکی نزیك و خۆشەویستت دەیەوێت کێشەت بۆ دروست بکات بەڵام پلانەکەی سەر ناگرێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



سـەیری ڕابـردووی ژیانت بکە و بـەراوردی بکە لەگەڵ ئێسـتا بۆت دەردەکەوێت کـە ئەم ماوەیە پەیوەندیەکانت وەك جـاران بەهێز نین و لەهەواڵی کەسە خۆشەویستەکانت ناپرسی، وا باشترە هەمان ڕێچکەی ڕابـردوو بگریتە بـەر و پەیوەندیەکانت بەهێزتر بکەیتەوە.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



لەوانەیـە هەندێ گرفتی بچووك بێنە سـەر ڕێگای پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، کارێك بکە ئـەو گرفتانە کاریگەری نەبێتە هۆی کۆتایـی هێنانی پەیوەنـدی نێوانتان، پێویسـتیت بە یارمەتی هاوڕێکانت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢




ئەگەر خۆشەویسـتت هەیە ئەوا هەفتەیەکی زۆر ڕۆمانسـی و خۆش دەبێت و زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە، ئەگەر خۆشەویسـتت نییـە لەوانەیە پەیوەندیەك درووسـت بێت لەگەڵ کەسێك کە چاوەڕوانت نەدەکرد ئەمەش زیاتر ئاسوودەتان دەکات.

## ئاسـۆیی:

١- شـاعیرێکی کوردبوو – شـاعیرێکی کـورد بوو(پ).
٢- یاریزانێکی بەرازیلە(پ)- پێنج پیتی یادەوەری.
٣- پیاو بە عەرەبی(پ)- بیدۆزەرەوە لە بەیانیان.
٤- لارە(ت)- چاوپێکەوتن(پ).
٥- نیوەی شاهۆ- یەن(ت).
٦- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- بەهێ(ت).
٧- ژمارە یەکە(پ)- یاریزانێکی بەرازیل بوو- سێ پیتی سارە.
٨- کچە گۆرانیبێژێکی کـوردە خاوەن وێنەکە- دوو پیتی عومان.
٩- مانا(پ) بیدۆزەرەوە لە ڤاندا رخان.
١٠- رێبین(ت)- چیایەکی کوردستانە(پ).
١١- پێوەرێکی ماتماتیکی یە- نیو(ت).
١٢- دامەزرێنەری سایتی ویکلیکس.

## سـتوونی:

١- ئەکتەرێکی شاری هەولێرە.
٢- جۆرو ئۆتۆمبێلێکە(پ)- ژمارە یەکە(پ)- سەرکردەیەکی ئەوروپی بووە.
٣- شاعیرێکی کوردبوو- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە.
٤- شـاعیرێکی کوردبـوو(پ)- وڵاتێکـی ئاسیایە.
٥- وەکو یەك- نای(ت).
٦- ١٢ مانگ(ت).
٧- گوورِ(پ)- پیتێکی ئینگلیزیە (پ).
٨- زمانێکە- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە.
٩- خەڵکی یونان- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
١٠- خاوەنی شاکاری کلیلەو دیمنە- دوو پیتی نیل.
١١- گردێکی بەناوبانگە(پ)- شارۆچکەیەکی کوردستانە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم هەفتەیە زۆربەی شتەکان بە پێچەوانەی ویستی تۆ دەبـن و لەوانەیە کار بکاتە سـەر داهاتووی ژیانت ئەگەر بە باشـی خـۆت ئامادە نەکەی، هەڵسـوکەوتی یەکێك لە هاوڕێکانت بێزارت دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوانتان.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بەرگەی ناخۆشیەکان بگرە و بێ هیوا مەبە لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتییە و زوو کۆتایی پێ دێت، پێویسـتە کاتی زیاتر تەرخان بکەی بۆ دانیشتن لەماڵەوە و یارمەتیدانی ئەوان یەکێکە لەئەرکەکانی تۆ کە پێویستە ئەنجامی بدەیت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خۆشەویسـتەکەت گلەیی ئەوەت لێ دەکات کە وەك جاران نیت بەرامبەری و هەست دەکات گۆڕانکاریت بەسـەر هاتـووە، ئەگـەر بۆ وەڵامی قسـەکانی بەڵگەیـەك یان هۆکارێکت ڕوونت پێ نەبێت ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی لێت زیز بێت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەوڵ بدە پارێزگاری لە باری دەروونی خۆت بکەیت لەو کاتەی تورِە دەبیت و هەڵەیەك مەکە کە دواتر باجەکەی بدەیت و پەشیمان ببیتەوە. گوێ گرتن لە موزیك و وەرزش کردن هۆکارێکن کە پێویسـتیت پێیان هەیە و یارمەتیدەر دەبن بۆ تۆ لەژیانت دا.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چـاوت بـە کەسـێك دەکەوێت کـە دەمێکە ئاواتەخـوازی ئـەوەی ببینیـی، ئـاگادار بە، نهێنیەکانـت لای هەموو کەس بـاس مەکە بەتایبەتی لای ئەوانەی دڵنیا نیت لەدڵسۆزییان نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی زیان بە بەرژەوەندییەکانت بگەیەنن.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەماوەی ڕابردوودا داوای یارمەتیت لە کەسـێك کردبـوو و ماوەیەکـە چاوەڕوانـی دەکەی، ئەم هەفتەیە بەڵێنەکەی دەهێنێتە دی و ئەو شتەت پێ دەدات کـە داوات کردبوو، ئەمەش نیگەرانیەکانت کەم دەکاتەوە، کەسی بەرامبەر چاوەڕوانی بەخشینی خۆشەویستی زیاتر دەکات.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی چیایەکی کوردسـتان بۆت بۆ دەربچێ .

ە غ ق و ە ر چ

وەڵامی ژمارەی پێشوو (سلێمانی)



## نوکتە

- کوڕێک بە دەنکەکەی وت: ئەگەر لەگەڵم بێیتە دەرەوە، نەستەلەیەکت بۆ ئەکڕم.. کچەکە وتی: باشە. پاش تۆزێکی تر پێی وت: ئەگەر ڕێگام بدەی لە تەنیشـتت دانیشـتم، نەسـتەلەیەکی تریشت بۆ ئەکڕم؟ کچەکە وتی: زۆر باشە. پاش تۆزێکی تر پێی وت: ئەگەر ڕێگام بدەیت دەستت بگرم، کیلۆیەک هەنگوینت بۆ ئەکڕم؟ کچەکە وتی: باشە. ئەمجارە پێی وت: ئەگەر ڕێگام بدەیت دەست بخەمە سەر شانت، خۆشترین پاقلاوەت بۆ ئەکڕم؟ کچەکە وتی: بەخوا وا بڕوا، پێش ئەوەی ماچەکەم بکەی، تووشی شەکرە ئەبم..

* * *

- کابرایەک لە مەجلیسێکدا دانیشتوە و زوو زوو سەیری مۆبایلەکەی ئەکات و پێئەکەنێت. پێی ئەڵێن ئێ بەچی پێئەکەنی، با ئێمەش تۆزێک پێبکەنین؟ ئەویش ئەڵێ: وەڵا بڵێم چی، کەسـێک زوو زوو نامەم بۆ ئەنێرێت و ئەڵی چاوێکت کزە..

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە



